## کەناڵەکانی داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی روسیا

کۆمەڵێك کەناڵ هەن رۆڵیان هەیە لە داڕشتنی سیاسەتی دەرەوەی روسیا، گرنگتین ئەم کەنالأنەش ئەمانەی خوارەوەن:

### یەکەم: دامەزراوە رەسمییەکان:

چەند دامەزراوەیەك لە خۆ دەگرێت:

1- **دەسەلأتی یاسادانان:** پەرلەمانی فیدراڵی روسی بە بەرزترین دەسەلأتی نوێنەرایەتی و یاسادانان لە ولأت دادەنرێت و لە دوو ئەنجومەن پێکدێت:

أ- **ئەنجومەنی فیدراڵی:** لە 175 ئەندام پێکدێت کە نوێنەرایەتی هەموو یەکە ئیدارییە سەرەکیەکان دەکەن و هەر یەکەیەك دوو نوێنەری هەیە و یەکێکیان نوێنەرایەتی دەسەلأتی یاسادانانی لۆکاڵی و ئەویتریشیان نوێنەرایەتی دەسەلأتی جێبەجێکردنی لۆکاڵی دەکات.

وە ئەنجومەنی بالأی فیدراڵی چەند پرسێکی پەیوەست بە فیدراڵیەت دەگرێتە خۆ، لەوانە سنووری دەوڵەت، جوڵاندنی هێزە چەکدارییەکان لە دەرەوەی روسیا، پەسەند کردنی بریاری سەرۆك لە بارەی یاسا عورفیەکان و حاڵەتی نائاسایی (حالة الطوارىء)، وە مافی قبوڵ کردن و رەفزکردنی ئەو پڕۆژانەی هەیە کە لە لایەن ئەنجومەنی دۆما پێشکەش دەکرێن.

ب- **ئەنجومەنی دۆما:** لە 450 ئەندام پێکدێت، سەرجەم ئەندامانی لە رێگەی سیستمی لیستی هەڵبژاردن (لیستی حزبی) و لیستی حزبی و ئاوێتەیی بە سیستمی تاکەکەسی هەڵدەبژێردرێن بۆ ماوەی پێنج ساڵ، کارەکەیان پەسەند کردنی دانانی سەرۆکی حکومەتی فیدراڵی روسیە لە لایەن سەرۆکی روسیای فیدراڵەوە، هەروەها دەسەلأتی وەرگرتنەوەی متمانەی لە ئەنجومەنی وەزیران و سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران هەیە، هاوکات راپۆرتی سالأنەی حکومەتی فیدراڵی لە بارەی کارەکانی بۆ بەرز دەکرێتەوە.

2- **دەسەلأتی جێبەجێکردن:**

أ- **سەرۆك دەوڵەت:** سەرۆك بە دەنگدانی راستەوخۆ هەڵدەبژێردرێت بۆ دوو ماوەی لە دوای یەك هەر جارێك بۆ ماوەی شەش ساڵە. وە سەرۆك سەنتەرە لە سیستمی سیاسی روسی و تەوەری سەرەکی پرۆسەی وەرگرتنی بریارە. ئەمەش بە گوێرەی دەستوری ساڵی 1993 کە سەرۆك نوێنەرایەتی دەوڵەت دەکات لە ناوەوە و دەرەوەی ولأت و هێڵە سەرەکیەکان و

**ئاراستەکانی سیاسـەتی نـاوەخۆ و دەرەوە دادەڕێـژێت. وە دەسـەلاّتی دانـانی سـەرۆك وەزیـران و جێگرەکـانی سـەرۆك وەزیـران و وەزیرەکـان و لابردنیـانی هەیـە دوای تـاتوێ کردنـی لەگـەڵ ئەنجومەنی دۆما. وە دەسەلاّتی هەڵوەشاندنەوەی تەواوی حکومـەتی هەیـە ئەگـەر بـە پێویسـتی زانـی. هـەروەها دادوەرەکـان و دادگـای بـالاّ و ئەنجومـەنی ئاسایشـی نەتـەوەیی دادەمـەزرێنیت و سەرۆکی بالاّی هێزە چەکدارەکانە و دەسەلأتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و راپرسی گشتی هەیە.**

**ب- حکومـەت: لـە گـرنگترین دەسـەلاّتەکانی حکومـەت بریتیـە لـە پێشـکەش کردنـی بودجـەی فیدراڵی بۆ ئەنجومەنی دۆما، وە کارکردن لەسەر جێبەجێکردنی سیاسـەتی نـاوەخۆیی دارایـی و فەرهەنگی و زانست و پەروەردە و فێرکـردن تەندروسـتی و سیاسـەتی دەرەوە، حکومـەت تـەنها دەزگایەکی یاریدەدەری سەرۆکە کە هەڵدەستێت بە دانانی وەزیرەکان و لابردنیان.**

**ج- سوپای روسی: سوپای روسی بە جێگرەوەی سوپای سـووری سـۆڤێت دادەنرێـت، کاتێـك رۆڵ و کاریگەری دەرکەوت کـە پشـتیوانی لـە پـۆتین کـرد بەرامبـەر سـەرۆکی پێشـووی روسـیا بـۆریس یەڵتسن، وە لە هەڵبژاردن دەنگیان پێدا بەرامبەر ئەوەی پۆتین بەڵێنەکانی بباتـە سـەر. سـوپای روسیا بە دووەم سوپا دادەنرێت لەسەر ئاستی جیهان دوای ئەمریکا.**

**د- وەزارەتـی دەرەوە: وەزارەتـی دەرەوە کـار دەکـات لەسـەر گەشـەپێدانی سـتراتیژیەتی گشـتی سیاسـەتی دەرەوەی روسـیای فیـدراڵ، وە پێشـنیازەکان پێشکەشـی سـەرۆکی روسـیا دەکـات و کـار لەسەر جێبـەجێ کردنـی سیاسـەتی دەرەوەی روسـیا دەکـات لـە چوارچـێوەی بەرژەوەندییـەکانی وڵات.**

**هـ- هەواڵگری روسیا ( K.G.B): هەواڵگری روسی کار دەکات لەسەر ئاسـتی دەرەوە هاوشـانی کـار کردن لەسەر ئاستی ناوەخۆ بۆ پاراستنی سەقامگیری روسیا، وە بەرپرسە لە سـیخوڕی کـردن لـە دەرەوەی وڵات و هەڵدەستێت بە:**

1- **بەڕێوەبردنی هەواڵگری.**
2- **گرتنەبەری تەواوی ڕێوشوێنە پێویستەکان بۆ گەرەنتی سیستمێکی سەقامگیری روسی.**
3- **ئەرکی سیخوڕی زانستی و تەکنەلۆژی و هەواڵگری.**
4- **بەشداری کردنی هەواڵگری روسی لە سیاسەتی دەرەوە.**

3- دەسەڵاتی دادوەریی: لەمانەی خوارەوە پێکدێت:

أ- دادگای دەستوریی روسیای فیدراڵ: هەڵدەستێت بە بە بەرگریکردن لە بونیادی دەستوریی و ماف و ئازادییەکانی هاوڵاتی روسیا و بەدیهێنان و بەرز راگرتنی بنەما دەستورییەکانی روسیا لەسەر هەموو خاکی روسیا.

ب- دادگای باڵای روسیا فیدراڵ: بە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەریی دادەنرێت لە بارەی کاروباری مەدەنی و تاوانەکان و ئیدارییەکان و پسپۆریە گشتیەکانی تری دادوەری.

ج- دادگای تێهەڵچوونەوەی روسیای فیدراڵ: بە بەرزترین دەسەڵاتی دادوەری دادەنرێت لە بواری یەکلاکردنەوەی ناکۆکیە ئابوورییەکان. هەروەها شیکردنەوە بۆ پرۆسەی دادوەری دەکات.

دووەم: دامەزراوە نا رەسمیەکان:

1- نوخبەی سیاسی.
2- پارتە سیاسییەکان.
3- گروپە بەرژەوەندیخوازاەکان.
4- کەنیسەی ئە رثوذکسي.

ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ڕوسیا:

1- بەهێزکردنی تواناکانی روسیا و پارێزگاری کردن لە ئاسایشی نەتەوەیی روسیا و یەکپارچەیی خاکی روسیا.

مەترسی ئەو ناکۆکیانەی کە لەگەڵ دراوسێیەکانی رووی دەدا لەسەر مەسەلەی سنوور و خاوەندارێتی زەوی، وای لە روسیا کرد چەند هۆکارێکی پێویست بگرێتەبەر بۆ بەرپەرچدانەوەی ئەو واقعە، ئەمەش لە رێگەی زیاد کردنی تواناکانی روسیا لە میانەی جەخت کردنەوە لەسەر رۆڵی چەکی ئەتۆمی بۆ داهاتووی ئاسایشی نەتەوەیی روسیا و باشکردنی توانا جەنگیەکانی سوپای روسی لە پێناو پارێزگاری کردنی ئاسایشی نەتەوەیی و رێگری کردنی لە

هەر نزیکبوونەوەیەك لە سنوری روسیا یان دامەزراندنی بنکەی سەربازیی لەو ولاّتانەی کە لە ژێر هەژموونی سوڤێت بوون، لەبەر ئەوەش روسیا بەشدار کرد لە دامەزراندنی رێکخراوی شەنگەهای بۆ دوورخستنەوەی رۆڵی سەربازیی ئەمریکا لە کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست، ئەمەش بووە هۆی لەیەك نزیکبوونەوەی تێروانینی روسی - چینی پەیوەست بە کاریگەری سەربازی ئەمریکی نزیك سنورەکانیان.

## 2- رەخساندنی بارودۆخی گونجاو بۆ گەشەسەندنی ئابووری:

روسیا لەسەر ئبووری رووخاوی سۆڤێت دامەزرا، کە ئەمە بووە هۆی ئەوەی روسیا پێگەیەکی ئابووری لاوازی هەبێت، بۆیە روسیا هەوڵیدا سەر لە نوێ هاوسەنگیە ئابوورییەکەی بەرز بکاتەوە لە ڕێگەی راکێشانی وەبەرهێنان و سەرمایەدارەکان و ئاکتیڤ کردنی بازرگانی چەك و زیادکردنی ناردەنیە روسیەکان و بنیادنانی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ دەوڵەتان، بۆیە روسیا هەوڵیدا بچێە پاڵ کۆمەڵێك چالاکی سیاسەتی دەرەکی وەك کۆمەڵەی هەشت دەوڵەتە پیشەسازییە گەورەکە، کۆڕبەندی ئاسیا باسیفیك بۆ هاریکاری ئابووری، یەکگرتووی نەتەوەکان بۆ رۆژئاوای رۆهەلاّتی ئاسیا ( جنوب شرق اسیا) و کۆنگرەکانی لوتکەی روسی لەگەڵ یەکێتی ئەوروپا و ئەوانیتر.

## 3- رەتکردنەوەی بنەماکانی یاری سفری و پابەند بوون بە دارشتنی هاوسەنگی بەرژەوەندییەکان:

ئەمەش لە رێگەی سوور بوون لەسەر کەمکردنەوەی راددەی ئالۆزی نێودەوڵەتی، ونەهێشتنی رووبەروو بوونەوە سەربازییەکان، وزیادکردنی دابەشکاری نێودەوڵەتی بۆ کار و بازرگانی نێودەوڵەتی لە ناوچەکە، وە بەشداری فراوان لە کۆبوونەووە نێودەوڵەتیەکان و کرانەوە بە رووی دەوڵەتانی ناوچەکە.

## 4- بنیادنانی سیستمی نێودەوڵەتی فرە جەمسەر:

ئەوەش لە میانەی جەخت کردنەوە لەسەر سەربەخۆیی و هاوسەنگی سیاسەتی دەرەوەی روسیا و رەچاوکردنی لە هەمان کاتدا لەگەڵ بەرژەوەندی ولاّتانی تر، وە سوور بوونی تەواوی لەسەر رەتکردنەوەی ئەوەی جیهان تاکە جەمسەرێك حوکمی بکات، بۆیە روسیا هەوڵی جددی داوە

**سیستمێکی نوێی جیهانی بێتە کایەوە رەنگدانەوەی فرە جەمسەری بێت بە لە جیهانی نوێ و بەرژەوەندییەکانی بێنێتە دی.**

## 5- بەرقەرار بوونی ئاشتی جیهانی:

**ئەمەش لە میانەی دوورخستنەوەی ناکۆکیە سەربازییەکان و جەختکردنەوە لەسەر بنەمای هاریکاری و دۆستایەتی لەگەڵ تەواوی دەوڵەتانی جیهان، کە ئەمەش پێویستیەکی سەرەکیە بۆ بنیادنان و گەشەسەندنی ئابووری روسیا، وە بەدەستهێنانی ئەو مامەڵە ئابوورییانەی کە ئاستی ئابووری روسیا بەرز بکاتەوە.**

## 6- بەرەو پێشبردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ دەوڵەتە بەشدارەکان لە دەوڵەتە سەربەخۆکان:

**روسیا هەوڵدەدات رێگە بگرێت لە دەستێوەردانی ئەمریکا لەو کۆمارە سەربەخۆییانەی کە لە یەکێتی سۆڤێت جیا بوونەتەوە.**